# کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق:

# ئەگەر و نیگەرانی و دەرفەتەکان

د. بورهان أ. یاسین

لوند، سوید 27-5-2009

## دەستپێك

دەمێکە مەسەلەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق بووەتە جێگەی باسوخواس. لە راستیدا هەر لە دوای هاتنەناوەوەی هێزەکانی ئەمریکا وە بە تایبەتی دوای زێدەبوونی بەرهەڵستکاری و تێروریزم کە هەردووکیان هێزەکانی ئەمریکایان کردبووە ئامانج، ئەم باسوخواسە چڕبوونەوەی بەخۆوە بینی. لە راستیدا گفتوگۆ لەمەڕ ئەو کشانەوەیە و هەڵوەستە وەرگرتن لێی تەنها لە تایبەتمەندی دوو حکومەتەکەی ئەمریکا و عیراق نەبووە، چوونکە لە ئاستی جیهانی و ئەقلیمی و عەرەبیشدا ئەو بابەتە گرنگی خۆی هەبووە. لە لایەکی ترەوە مەسەلەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق بە تایبەتی وە بە توندی لایەنی کوردی لە عیراق پەیوەندیدار کردووە. لەم بارەشەوە دەکرێ باس لە کۆمەڵێك نیگەرانی و ئەگەر و دەرفەت بکەین؛ واتە نیگەرانیەکانی لایەنی کوردی و ئەو ئەگەر و دەرفەتانەش کە پەیوەستن بە وە یا دەبنە دەرهاوێشتەی ئەو خۆکێشانەوەیە.

لەم بابەتەی بەردەستدا هەوڵدەدەم تیشك بخەمە سەر مەسەلەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بە تایبەتی ئەوەی کە پەیوەندی راستەوخۆ یا ناراستەوخۆی بە پێگەو جێگەی باشووری کوردستانەوە هەیە. لە هەوڵێکی ئەوهاشدا گرنگە تیشك نەك هەر بخرێتە سەر کشانەوە و قەبارە و شێواز و کاتی کشانەوەکە بەڵکو زۆریش پێویستە، بە جختکردنەوە لە دیدێکی کوردستنیەوە، ئەو مەسەلەیە گرێبدرێ بە پرۆسەی سیاسی لە عیراق و چارەنووسی باشووری کوردستان دەوێدا. لە هەمان کاتدا پێویستە تیشکیش بخەینە سەر شێوەی بیرکردنەوەی ئیدارەی ئوباما دەربارەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، وە بە تایبەتی شێوەی پێشوەچوونی ئەو سایسەتە لە رۆشنایی ئەو ئاراستەیەی کە ئۆباما رایگەاند بەر لە هەڵبژاردنی وەك سەرەککۆمار وە ئایا ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر ئەو ئاراستەیە دادێن چین وە دەرهاوێشتەکانی ئەو گۆڕانکاریانە چی دەبن. هەڵبەتە بابەتێکی پەیوەندیداریش ئەو گۆڕانکاری و کاردانەوە ئیقلیمییانەن کە لە کشانەوەی بە تەواوەتی یا کەمبوونەوەی هێزەکانی ئەمریکا روودەدەن، وە لەو حاڵەتەشدا راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ کێشەی کورد وە بە تایبەتی چارەنووسی باشووری کوردستان پەیوەندیدار دەکات.

بۆ ئەنجامدانی باسێکی ئەوها گرنگە لە نزیکەوە، جگە لە رێکەوتنی عیراق و ئەمریکا (ناسراو بە سۆفا)، تەماشای ئەو باسوخواسانەی کە ئەکتەرە گرنگەکان و شارەزایان لە ماوەی رابردوودا کردوویانە لەمەڕ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا. لە راستیدا گرنگترین بەڵگەنامە کە بۆچوونی رەسمی عیراق لە لایەك وە ئەمریکا لە لایەکی ترەوە لە قاڵبدەدات رێکەوتنی عیراق و ئەمریکایە کە لە کۆتایی ساڵی رابردوو بە ماوەیەکی زۆر کەم بەر لە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا واژۆکرا. لە لایەکی ترەوە بۆ تێگەیشن لە مەسەلەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق گفتوگۆکانی ناو ئیدارەی ئەمریکی، لە نێوان لایەنگرانی کشانەوەیەکی بە پەلە لە لایەك وە لایەنگرانی مانەوە بۆ ماوەیەکی درێژتر، شتێکی هەرە پێویستە.

## کشانەوە لە عیراق

سیاسەتی ئەمریکا لەمەڕ عیراق تا ئێستاش، واتە دوای هەڵبژاردنی باراك ئۆباماش، یەکێکە لە پرسە سەرەکیەکانی سیاسەتی ئەمریکا لە ئاستی جیهانی و بە تایبەتیش بەرامبەر بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەر لێرەشەوە ئەوە گرنگە بڵێین کە، بە تایبەتی لە دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت وە زۆر بە تایبەتیش دوای رووداوەکانی (11ی سیپتەمبەری 2001)ەوە، ئیتر بە چڕی وە لە زۆر رەهەندەوە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەك هەر کراوەیە بەرامبەر ناوچە قەیراناویەکەی ئەفغانستان و پاکستان بەڵکو بە چڕی ئەم دوو ناوچەیە بەیەکەوە گرێدەدرێن و تێکەڵاوی یەکتر دەبن. هەر لێرەوەیە بە فراوانبوونی ناوچەی قەیران وە کاریگەری ئەوە لەسەر زۆر لە مەسەلە ستراتیژیەکان و هەستیاری زلهێزەکان، وە زۆر بە تایبەتی ئەمریکا، بەرامبەر ئەو ناوچەیە زێدە دەکات. جا هەر لەو پەیوەست و خوێندنەوەیە گرنگیی عیراق و مەسەلەی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەم وڵاتە پێهەڵدەگرێ.

لە لایەکی ترەوە دەمێك بەر لە هاتنە سەر کاری ئوباما، وەك سەرۆکی ئەمریکا، رای گشتی ئەمریکیەکان لە خواستی کشانەوەی بە تەواوەتی یا هەر نەبێ بەشی زۆری هێزەکانی ئەمریکا بە بەردەوامی لە زێدەبووندا بووە. جگە لەمەش ئوباما لە کەمپینی هەڵبژادنەکاندا بەردەوام جختی لەسەر کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ماوەی 16 مانگدا (واتە لە رۆژی دەستبەکاربوونیەوە) کردوە. هەروەها جگە لەم دوو فاکتەرە، قەیرانی ئابووری ئەمریکاش کاریگەری خۆی هەبووە لەسەر هەڵوێستی ئەمریکیەکان لە مانەوە لە عیراق یا کشانەوە لێی، بە شکانەوەی تای تەرازوو بە لای ئەوانەی خواستیارن هێزەکانی ئەمریکا لەو وڵاتە بکشێنەوە. ئەمەش لەبەر هەندێ هۆ کە گرنگترینیان لەبەرچاوگرتنی تێچووی مانەوەی هێزەکانە لە عیراق؛ ئەو ئەرکەی ئەو مانەوەیە، بە گشتی، دەیخاتە سەر شانی هێزەکانی ئەمریکا؛ بارودۆخی ئەفغانستان کە لە ماوەی دوایدا خەرابتر بووە و بۆتە هۆی فشاری زێتر لەسەر هێزەکانی ئەمریکا؛ مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق وەك بارگرانایەکی ئابووریە بۆ ئەمریکا چونکە شەڕی عیراق و ئەفغانستان تا ئێستا زیاتر لە 800 ملیار دۆلاری تێچووە کۆنگرێس ماوەیەکی کەم بەر لە ئێستا بڕیاری تەرخانکردنی 91 ملیار دۆلاری تری دا بۆ تێچووەکانی بەردەوامبوون لە عیراق و ئەفغانستان.

لە ئاستی ئیقلیمیدا بە پلەی یەکەم ئێران پێداگری دەکات لەسەر کشانەوەی ئەمریکا لە عیراق وە ئە ووڵاتە تا بتوانێ ئەو پێداگریە دەکات، بە شێوەی جۆراوجۆر، وە دەیکاتە کاریگەری و فشار لەسەر ئەمریکا بۆ ئەنجامدانی کشانەوەکە. لەم بارەیەشەوە، ئێران کۆمەڵێك کارتی بەدەستەوەن وە بە تایبەتی کارتی کاریگەریخستنە سەر شیعەکانی عیراق بۆ ئەوەی ئەوانیش بە دەوری خۆیان فشار بخەنە سەر ئەمریکا بۆ کشانەوە. وە کارتەکەی تریش پشتگیریکردنی هەندێك گرووپی چەکدارە لە عیراق بۆ نانەوەی ئاژاوە و ناهێمنی بە مەبەستی زۆربۆهێنان بۆ ئەوەی ئەمریکا بکشێتەوە لە عیراق. بەڵام بۆ ئێرانیەکان دواتر دەرکەوت کە ناهێمنی لە عیراق لە رێگەی پشتگیری هەندێ گرووپی چەکداریەوە، بە مەبەستی فشارخستنە سەر ئەمریکا، دەتوانێ کاریگەری پێچەوانەی لیچبکەوێتەوە (واتە دژ بە خواستی ئێران تەواو ببێ). بە پێی ئەو بۆچوونە تازەیە، ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەمریکا ناهێمنی لە عیراق وەك بەهانەیەك بۆ پێویستبوونی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق بۆ ماوەیەکی دوورودرێژتر. لە راستیدا بە پێی هەر نەبێ هەندێك بۆچوون یەکێ لە و هۆیانەی کە وایکرد رەوتی سەدر چالاکیە سەربازیەکانی خۆی راگرێ ئەو ئاراستە تازەیەی ئێران بوو. هەر لە

ئاستی ئیقلیمیشدا حەزێك لە لایەن تورکیاشەوە هەبووە بۆ کشانەوەی ئەمریکا لە عیراق؛ چوونکە بە پێی بۆچوونی هەندێك لایەن لە تورکیا بوونی ئەمریکا لە عیراق یارمەتیدەر بووە بۆ ئەوەی پکك بەردەوامی بە چالاکیەکانی بدات. لەم بارەیەوە نەبوونی هیچ هەنگاوێکی عەمەلی ئەمریکی بۆ لێدانی پکك بەشێکی لە تورکەکان، بە تایبەتی دامەزراوەی سەربازی، بێزارکردووە. وە هەر لە رۆشنایی ئەم بۆچوونەشەوە، کشانەوەی ئەمریکا لە عیراق ئازادی تەواو دەدا بە لەشکری تورکیا بۆ ئەوەی لە هەر کاتێك بیەوێت هێرش بکاتە سەر بنکەکانی پکك. لە لایەکی ترەوە هەڵوێستی تورکیا زۆر جیایە لە هی ئێران وە بە تایبەتیش ئەو حەزە نەبووە بە سیاسەتێکی رەسمی تورکیا و پشتگیریشی بۆ نموونە لە هیچ گروپێکی عیراقی نەکردووە بە مەبەستی فشارخستنە سەر ئەمریکا.

لە ئاستی ناوخۆی عیراقیش لایەنەکان وەك یەك بیر ناکەنەوە لە مەسەلەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق. جیاوازی هەرە گەورە لە هەڵوێستی پۆزەتیڤانەی لایەنی کوردی بەرامبەر بە لایەنی عەرەبیە. بە هەر حاڵ کاتێك هەڵوێستی زۆر لە یەکنزیك، یا راستتر بڵێین یەکهەڵوێستی لە نێوان هێزە کوردیەکاندا بەدیدەکرێ، لە نێوان هێزە عەرەبیەکان خۆبەخۆ جیاوازی تێبینیدەکرێ. لە لایەکی ترەوە رەشوسپیکردنی ئەو هەڵوێستانە ئەستەمە؛ بەم مانایەش هەندێك جار جێگۆڕکێ و گۆڕانکاری لە هەڵوێستە "عەرەبیەکاندا" بەدیدەکرێ: بۆ نموونە لە "دژ" (واتە دژ بە مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا) بۆ "لەگەڵ" یا بە پێچەوانەوە. جگە لەوەش هەڵوێستی تەماوی و نادیار خەسڵەتێکی تری خەملاندنی بۆچوونەکانە لەو بارەیەوە. بۆ نموونە لایەنی سوننە هەڵوێستێکی تەماوی هەیە لەبەر ئەوەی لە لایەکەوە خواستی کشانەوەی ئەمریکا دەردەبڕێ کاتێك ئەو حەزە دەربڕی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و ئەنتی ئەمریکانیزمە، لە لایەکی ترەوە خوازیاری مانەوەی ئەو هێزانەیە بۆ پارێزگاری لە خۆیان لە ترسی هەرەشەکانی شیعە و هێژیمۆنی ئێران بەسەر عیراق و ناوچەدا.

بە شێوەیەکی گشتی، ئەوەی کە بە تەواوەتی بۆچوونی کورد لە هی لایەنی عەرەبی جیادەکاتەوە ئەوەیە کە بۆ هێزە عەرەبیەکان مانەوەی ئەمریکا کاتیە بەڵام هیچ هێمایەك نیە بۆ ئەوەی لایەنی کوردی بخوازێ ئەو مانەوەیە سنووردار بکرێت، بە ڵکو بە تایبەتی دەخوازێ بێ سێو دوو کوردستان واڵا بکات بۆ دامەزراندنی بنکەی سەربازی (کەم یا زۆر) دائیمی.

## ئۆباما و کشانەوە لە عیراق

واژۆکردنی رێکەوتننامەی عیراق و ئەمریکا (ناسراو بە سۆفا) لە کۆتایی ساڵی رابردوو کارئاسانیەك بوو کە ئیدارەی بوش بۆ ئیدارە تازەکەی ئۆبامای کرد یا بەجێیهێشت. چونکە دوای وەرگرتنی پۆستەکەی وەك سەرۆك کۆمار، ئۆباما شتێکی ئامادەکراوی بۆ مایەوە کە یارمەتیدەدات شێوازێکی سیاسەتی ئەمریکا لە مەڕ عیراق گەڵاڵە بکات کە لە راستیدا تێکەڵاویەکە لە سیاسەتی خۆی لە لایەك وە پاشماوەیەکی سیاسەتی (بوش)یشە لە لایەکی ترەوە. ئەمە بە تایبەتی گرنگە بۆ خەملاندنی سیاسەتێك کە پشتگیری دیمۆکراتەکان و کۆماریەکان و ئاراستە سەربازی و سیاسیەکانی ئیدارەکە لە دەورەی خۆی کۆ بکاتەوە؛ بە گشتی پشتگیری نەتەوەی ئەمریکی بەدەستبهێنێ. لەبەر ئەوە هەندێك لە بەرپرسانی پنتاگۆن وایبۆدەچن کە رێکوتنەکەی عیراق و ئەمریکا لە مەڕ شێوەی مانەوە و کاتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق تەنانەت دیاریەکی ئیدارەی بوش بوو بۆ ئۆباما.

هەر لەو گۆشە بینینەوە وە وەك دەربڕێکی ئەو حاڵەتە، راستەوخۆ دوای هەڵبژاردنی، باراك ئۆباما بڕیاری مانەوەی (روبەرت گێیتس)ی لە پۆستەکەی وەك وەزیری بەرگری هێشتەوە. هەر وەك زانراوە گێیتس بەردەوام دژی دەستنیشانکردنی خشتەیەکی زەمەنی بووە بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق. ئەم هەنگاوەی ئۆباما (واتە هێشتنەوەی گێیتس لە پۆستەکەی) بە دڵی زۆرێك لە راوێژکارانی ئۆباما نەبووە. ئەم هەنگاوەی ئۆباما بە شێوەی جۆراو جۆر لێکدراوەتەوە. تێگەشتنێکیش، بۆ نموونە، ئەوەیە کە ئەم هەنگاوە وادەگەیێنێ کە ئۆباما کراوە بێت بۆ گۆڕینی بۆچوونی خۆی لە مەڕ کشانەوە لە عیراق. هەروەها ئەم هەنگاوە وا لێکدراوەتە کە ئەمە شێوەیەکی نزیکبوونەوەی ئۆباما بێت لە بۆچوونی جەنەرالەکان (لەوانەش بە تایبەتی میکایل مولن، سوپا سالار وە دێیڤد پترایوس، بەرپرس لە تەواوی هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق وە گەورو سەرکردەی سەربازی لە عیراق رای ئودێرنۆ) و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، کە ئەوانیش زووربەیان وەك گێیتس بیردەکەنەوە، واتە لەگەڵ کشانەوەی لەسەرخۆ و مانەوەی بەشێك لەو هێزانەن لە عیراق بۆ ماوەیەکی درێژتر. بە مانایەکی تر ئەو هەنگاوە وا دەگەیەنێت کە ئۆباما ئامادەیە گۆڕانکاری بەسەر بۆچوونەکانی بەر لە هەڵبژاردنی وەك سەرەك کۆمار و ئەو پەیمانانەی کە بەر لە هەڵبژاردن دابوونی دەربارەی کێشانەوەی هێزە **جەنگاوەرەکان** (combattroops)ی ئەمریکا لە عیراق لە ماوەی 16 مانگدا واتە تا ناوەڕاستی 2010. بەم شێوەیەش سەرۆك دەخوازێ دڵی جەنەراڵەکان رابگرێت؛ بە پێی زۆر بۆچوون ئۆباما هیچ چارەی نیە جگە لە سازش لەگەڵ جەنەرالەکاندا بکات.

گرنگە هەر لێرەدا ئەوە جختبکەینەوە کە مەبەست لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا تەواوی ئەو هێزانەی ئەمریکا نین کە لە عیراقن بەڵکو مەبەست تەنها ئەو هێزانەن کە خەسلەتی جەنگاوەر وەردەگرن وە هەر ئەو چمکەشە کە لە پەیمانی عیراق و ئەمریکادا بەکاربراوە. بەم مانایە لایەنەکان، بە تایبەتی ئەوانەی دەخوازن ژمارەیەکی زۆر هێز لە عیراق بهێڵنەوە، دەتوانن لە ژێر ناوی هێزی ناجەنگاوەر (بە تایبەتی هێزی پشتگیری و راهێنان یا مەشقپێکردن) ئەو کارە بکەن وە هەر ئەو چمکەش بە ئەگەری زۆر لە داهاتوودا چالاکانە بەکاردێت بە مەبەستی موناوەرە بۆ فەراهەمکردنی مانەوەی ژمارەیەکی زۆری هێزی ئەمریکی لە عیراق.

بە پێی بۆچوونی هەندێك لە بەرپرسە ئەمریکیەکان ئەگەر هێزەکانی ئەمریکا بشکشێنەوە لە عیراق ئەوا دەبێ هەر نەبێ 55000 سەرباز (بە ناوی هێزی راوێژ و پشتگیر و راهێنەر) بمێننەوە. فێڵێك کە لەوانەیە لە عیراقیەکان وە ئەو ئەمریکیانەی کە دژی مانەوەی هێزە جەنگاوەرەکانن بکرێ ئەوەیە کە سروشتی هەندێك لە یەکانە سەربازیەکانی ئەمریکا بگۆڕدرێت لە هێزی جەنگاوەرەوە بۆ هێزی پشتگیر و مەشقپێکردن. لەوەش زیاتر، لەو دواییانەدا هەندێك سەرچاوە باسیان لەوە کرد کە هەر لە ئێستاوە بەشی پلاندانان لە پنتاگۆن سەر قاڵی ئەوەیە کە سیفەتی ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی ئەمریکا بگۆڕن لە جەنگاوەرەوە بۆ هێزی پشتگیر و راهێنەر. مەبەستیش لەم کارە ئەوەیە کە بۆ ئۆباما وەزەحمەتبکەوێ کە ئەم هێزانە (دوای گۆڕینی خەسلەت و تایبەتمەندیان) بکێشێتەوە وە بەم پێیەش هەر نەبێ مانەوەی 50000 تا 70000 سەربازی ئەمریکی مسۆگەر بکرێ هەتتا بۆ دوای 2011ش. لە راستیدا هەر ئێستا باس لەوە دەکرێ کە هەر نەبێ چەند یێکانەیەکی سەربازی سیفەتیان گۆڕدراوە بۆ یێکانەی پشتگیر و راهێنەر.

لە لایەکی ترەوە زۆر جار، وە بە تایبەتی لە لایەن سەرۆك ئۆباماوە، چمکی ***کشانەوەی بەرپرسانە*** (responsible withdrawal) لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان و دوای هەڵبژاردنیشی وە سەرۆك بەکاربراوە.

ئەم چمکە لە زۆر رووەوە گرنگە وە دەتوانێ پەراوێزێکی موناوەرەی چاك بە ئوباما ببەخشێ. هەتا گەر بۆ نموونە بە ئاشکرا لە خشتە زەمەنیەکەی خۆی پەشیمان بوویەوە ئەوا سەرۆك بە ئاسانی دەتوانێ ئەو چمکەی کشانەوەی بەرپرسانە بەکاربێنێت وەك بەهانەیەك وەك ئەوەی، بۆ نمونە، "بارودۆخی ئاسایش و سیاسی عیراق رێگەمان نادات هێزەکان بە زوویی بکێشینەوە." لە راستیدا لایەنی کوردییش دەتوانێ وە دەرفەتیشی هەیە لە فراوانکردنی ئەو چمکە وە بە شارەزایی جختکردنەوە لێی (هەڵبەتە لە دیدێکی کوردستانیەوە) زۆر سوود لەو چمکە وەربگرێ. لایەنی کوردی زۆر بە راشکاوی دەتوانێ پێ لەسەر ئەوە داگرێ کە کشانەوەی بەرپرسانە مانای ئەوەیە کە دەبێ نیگەرانیەکانی کورد لەبەرچاو بگیرێ و گرێکوێرەکان، کە ئەمریکیەکان بەشداربوون لە بەرهەمهێنانیان وەك بۆ نموونە کێشەی کەرکوك و ناوچەدابڕاوەکان و زۆر کێشەی تر، چارەسەر بکرێن وە ئەمریکا رۆلی بەرپسانەی خۆی لەو چارەسەریەدا ببینێ.

## نیگەرانیەکان

بە گشتی ئەگەری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق لە کۆتایی ساڵی 2011 بۆتە هۆی کۆمەڵێك نیگەرانی لەوانەش ترس لە هەلگیرسانی شەڕێکی ناوخۆ لە عیراق و بەهێزبوونەوەی ئەلقاعیدە لە عیراق و بەرەوڕووبوونەوەی شیعە و سوننە لەگەلڵ یەکتر وە بە تایبەتیش ترس لە هەلگیرسانی شەڕ لە نێوان کورد و حکومەتی ناوەندی. بە تایبەتی بینینی شتەکان لە گۆشەبینینی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان نیگەرانیەکە هەمەلایەنە: 1) ئەگەری هەلگیرسانی شەڕ لە نێوان کورد و بەغدا؛ 2) ئەو کێشانەی کە تا ئێستا بە هەڵپسێردراوی ماونەتەوە چارەسەر ناکرێن گەر ئەمریکا بکشێتەوە؛ 3) فشاری تورکیا و وڵاتانی ئیقلیمی تر (بە تایبەتی ئێران و سوریا) لەسەر هەرێم زێدە دەبێت وە 4) نیگەرانی ئەوەی ئایا ئەسلەن پرۆسەی سیاسی لە عیراقدا بەو کشانەوەیە بە تەواوەتی شکست ناهێنێت.

بەڵام بە بۆچوونی خۆم ئەم نیگەرانیە نە دروستە و نەش لە رووی سیاسیەوە جێی خۆیەتی. چونکە یەکەم پەیامی ناڕاستەوخۆی ئەم نیگەرانیە کوردیە ئەوەیە کە کێشە هەڵپسێردراوەکان تا کاتی کشانەوەی ئەمریکیەکانیش چارەسەرناکرێن؛ دووەمیان بەو نیگەرانیە کورد دەخوازێ بڵێ کە ئەو دەستورەی لەگەڵ لایەنی عەرەبیدا مۆرکراوە زامنی چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان نیە ئەگەر چی بە رواڵەت هەر دەم سەرانی کورد ئەوەیان دووپاتکردۆتەوە کە هەموو کێشەکان لە چوارچێوەی دەستوردا چارەسەر کراون؛ سێهەمیان چەوتیەکی گەورەیە، وە دەتوانێ پشتشکێنیش بێت، ئەگەر لایەنی کوردی لەو باوەڕەدا بێت کە مانەوەی ئەمریکا بە زەروورەت لە بەرژەوەندی کورد تەواو دەبێ، ئاخر گۆڕانی ئاراستەی سیاسەتی ئەمریکا کە بە توندی پشتگیری لە حکومەتێکی ناوەندی بە هێز لە بەغدا بکات دەتوانێ بۆ کورد پشتشکێن بێت لە جیاتی ئەوەی یارمەتیدەر بێت وە کەسیش ناتوانێ ئەوە زامن بکات کە ئەو گۆڕانە روونادات. لە راستیدا هەر ئێستا پشتراستکردنەوەیەك هەیە کە ئیدارەی ئۆباما دڵخۆشە بە بەهێزبوونی پێگەی حکومەتی مالکی وە بە ئەگەری زۆر پشتگیریشی دەکات لە هەوڵەکانی مالکی بۆ بەهێزترکردنی ناوەند لەسەر حسێبی هەرێمەکان. بە هەر حاڵ شێوەی پێشوەچوونی سیاسەتی ئەمریکا لە مەڕ ئێران کاریگەری زۆر دەبێت لەسەر شێوەی نزیکبوونەوەی ئەمریکا لە مەسەلەی شێوازی حوکم لە عیراق و خەمڵاندنی ئەفزەلیاتی سیاسەتی ئەمریکا لە وە بەرامبەر ئەو وڵاتە (واتە عیراق).

## کشانەوە و ڕۆڵی تورکیا و کورد: ئەگەر و دەرفەت

کشانەوەی بە تەواوەتی یا کەمکردنەوەی هێزەکانی ئەمریکا بە ڕادەیەکی زۆر ڕاستەوخۆ کاریگەری نێگەتیڤی دەبێت لەسەر هاوسەنگیەکانی هێز. بە ئەگەری زۆر یەکێك لە دەرهاوێشتەکان زێدەبوونی ڕۆڵی ئێران دەبێت بە شێوەی ڕاستەوخۆ (بە ڕێگەی زێدەکردن و بەهێزکردنی هێژمۆنی ئیقلیمی و پێگەی ستراتیژی وەك جێگرەوەیەك بۆ کەمبوونەوەی هێز و کاریگەری ئەمریکا لە عیراق) یا ناڕاستەوخۆ (لە شێوەی کاریگەریخستنە سەر وە پەیوەندی توندوتۆڵکردن لەگەڵ گروپە شیعیەکانی عیراق، وە بە گشتی کاریگەریخستنە سەر پرۆسەی سیاسی لە عیراق). لەم ڕوانگەیەوە، ئەوەی ئەمریکا پێویستیەتی ئەوەیە کە بەر لە کشانەوەی ئەو وڵاتە پێگەی دۆستەکانی لە ناوچەدا بەهێزتر بکات.

لەم بارەیەوە، دەکرێ بڵێین کە ئەگەر چی ئەم هەنگاوە گرنگە بەڵام هەرگیز ئاسان نیە. دوو لەو ئەکتەرانەی کە پێویستە پێگەیان بەهێزبکرێ تورکیا و دەسەڵاتی کوردیە لە باشووری کوردستان. لە لایەکی ترەوە، ئەگەر چی ژمارەیەکی زۆر مەرجی لەبار هەن بۆ هەنگاوێکی ئەوها بە تایبەتی لە ڕەهەندە تورکیەکەوە، هەنگاوێکی ئەوها کۆمەڵێك کۆسپ و تەگەرەشی لەسەر ڕێیە.

مەرجێکی لەبار ئەوەیە کە تورکیا لە ماوەی چەند ساڵی دواییدا نیشانیداوە کە ئەو وڵاتە ئەکتەرێکی گرنگە وە ئەگەر هەر زلهێزێك، بە تایبەتی ئەمریکا، دەخوازێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێگەی خۆی بەهێز بکات ئەوا هەرگیز دەبێ حسێبی تورکیا بکات. جگە لەمەش زێدەبوونی ڕۆڵ و سەنگی تورکیا لە مەڕ دیپلۆماسیەتی ئاشتی و پەیوەندیە هەمەلایەنەکانی ئەم وڵاتە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەو پێگەو ڕێگەیەی دەها بەهێزکردوە. هەڵبژاردنی ئۆباما بۆ سەردانیکردنی تورکیا پەیامێکی گرنگ بوو بۆ خودی تورکیا وە زۆرێك لە ئەکتەرو هێزە ئیقلیمی و جیهانیەکان. ئەو شێوازی نزیکبوونەوەیەی ئۆباما لە تورکیا وە دانی ئەو پەیامە و جختکردنەوەی گرنگی ڕۆڵی تورکیا ڕاستەوخۆ گرێدراوە بە کۆمەڵێك فایلی گرنگەوە لەوانەش بە تایبەتی: 1) فایلی ئێران و دواڕۆژی بەرەوڕوبوونەوەی ئەمریکا لەگەڵ ئێران وە شێوەی ئەو بەرەوڕوبوونەوەیە؛ 2) فایلی عیراق وە بە تایبەتی چارەنووسی پرۆسەی سیاسی لەو وڵاتە؛ 3) فایلی کورد، هەڵبەتە بە تایبەتی بە دوو ڕەهەندی تورکیای و عیراقیەوە (واتە باکوور و باشووری کوردستان).

لە فایلی یەکەمدا زۆر گرنگە بۆ ئەمریکا کە پشتیوانی و لایەنگری تورکیا مسۆگەر بکات، جا لە چوارچێوەی هەر سیناریۆیەك و پێشوەچوونێك بێت (بەرەوڕوبوونەوەی سەربازی یا گەمارۆی ئابووری یا فشاری دیپلۆماسی یا هەر شێوەیەکی تری مامەڵەکردن بێت لەگەڵ ئەم فایلەدا). ئەم پشتیوانیە گرنگیەکی تایبەتی وەردەگرێ لە چوارچێوەی جختکردنەوەی ئۆباما لەسەر ئامراز و فشارە دیپلۆماسیەکان وەك ئەلتەرنەتیڤی یەکەم بۆ بەرەوڕوبوونەوەی ئێران و نزیکبوونەوە لە کێشە ئیقلیمی و نێونەتەوەییەکان. لە لایەکی ترەوە ئەمریکا ئەو ڕاستیە باش دەزانێ کە تورکیایەك کە بە کۆمەڵێك کێشە و ململانێوە سەرقاڵ بێت ناتوانێت ئەو ڕۆڵەی کە پێویستە ببینێت. بە تایبەتی لێرەدا فایلی کورد و عیراق هەردووکیان گرنگن.

کاتێك دەڵێین فایلی کورد ئەوا مەبەستمان: 1) کێشەی کوردە لە تورکیا وە 2) پەیوەندیەکانی تورکیایە بە دەسەڵاتی باشووری کوردستانەوە. ئەم دوو ڕەهەندە بە کۆمەڵێك جەمسەرەوە وە لە زۆر ئاستی سیاسەتەوە بەیەکەوە گرێدراون، بە شێوەیەك کە هەوڵی لێککردنەوەیان نەك هەر ئەستەمە بەڵکو بگرە هەنگاوێکی ناسەرکەوتو و هەڵەیەکی گەورەشە. بە پێی خوێندنەوەی خۆم لە سەردانەکەیدا بۆ تورکیا و کۆبوونەوەی لەگەڵ

سەرکدەیەکی کورد لە تورکیا (ئەحمەد تورك) وە لە بەردەوامیدا سەردانی بۆ عیراق وە کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرانی کورد لە بەغدا، سەرۆك ئۆباما ئەو بە یەکەوە دیتن و بگرە گرێدانەی کێشەی کورد لەم دیو و لەو دیوی سنوور وە پەیوەندی هەردوو کێشەکە بە تورکیاوە جختکردەوە.

بە باوەڕی خۆم لە ئاسایبونەوەی پەیوەندیەکانی تورکیا و باشووری کوردستان وە هەروەها پێشوەچوون لە فایلی کێشەی کورد لە تورکیا لە هەمان کاتدا سوود بە بەرژەوەندیەکانی هەر سێ لایەنی کوردی و تورکی و ئەمریکی دەگەیێنێ. هەر لێرەشەوەیە کە هەر هەنگاوێك بە ئاراستەی کەمکردنەوەی ئاڵۆزیەکان وە دۆزینەوەی رێگە چارەی سیاسی و دیپلۆماسی بۆ کێشەکان پەیوەندیەکانی ئەو سێ ئەکتەرە لەگەڵ یەکتردا بەهێزتر دەکات. هەڵبەتە یەکێك لە دەرهاوێشتەکانی پێشوەچوونێکی ئەوها زێدەبوونی فشاری لەسەر ئێران لێدەکەوێتەوە؛ ئەم مەسەلەیەش گرنگیەکی تایبەتی وەردەگرێ لە ساتەوەختی حوکمڕانی ئیدارەی ئۆباما.

ئەمەی سەرەوە سیناریۆیێکە و فەراهەمبوونیشی کار و چالاکی سیاسی و دیپلۆماسی زۆری دەوێت؛ لە هەمان کاتدا گرنگە ئەوە بزانین کە فاکتەرەکانی سیناریۆیەکی ئەوها نەك هەر ئامادەن بەڵکو لە راستیدا، گەر بە شێوەیەکی کەمتر کارا و چالاکیش بێت، کەوتونەتە قۆناغی عەمەلیش. ئەوەی کە یەکجار گرنگە، هەڵبەتە لە دیدێکی کوردستانیەوە، پێویستە لایەنی کوردی 1) باشتر لە هاوکێشە و هێماکان بگات؛ 2) لە دیدێکی کوردستانیەوە وە لە گۆشەیەکی واقیعبینانەوە نەك هەر دوو کێشەکە (لەو دیو و ئەو دیوی سنوور) لە یەکتر جودا نەبینێ بەڵکو هەوڵ بدات وەك هەن شتەکان ببینێ. لە راستیدا لە دیدی شارەزایەکی وەك هێنری بەرکی، خاوەن کاریگەری بەسەر ئیدارەکانی ئەمریکاوە لە مەڕ سیاسەتی ئەو وڵاتە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە دواترین راپۆرتید کە نزیکەی چوار مانگ بەر لە ئێستا پێشکەشی کردوە بە ئیدارەی ئۆباما، کێشەکانی باکووری کوردستان و پەیوەندی ئیدارەی باشووری کوردستان لەگەڵ تورکیا و چارەسەری کێشەی کەرکوك بەیەکەوە گرێدەدات. راسپاردەی بەرکی ئەوەیە کە ئیدارەی ئوباما پێویستە، هەڵبەتە بە رادەی یەکەم لە رۆشنایی بەرژەوەندیە نیشتمانیەکانی ئەمریکادا، بەر لە کێشانەوەی هێزەکانی لە عیراق هەوڵی جدی بدات بۆ فەراهەمکردنی پێشوەچوونی پۆزەتیڤانە لە پەیوەندیەکانی حکومەتی هەرێم و تورکیا لە لایەك وە یارمەتیدان لە دۆزینەوەی چارەسەریەك بۆ کێشەی کورد لە تورکیا هەروەها یارمەتیدان لە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك؛ 3) پێویستە ئیدارەی کوردی هەوڵبدات نیگەرانیەکانی بەرەوڕووی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق نەبنە سێبەرێکی قورس بەسەر پەیوەندیەکانی کورد و ئەمریکا و دەستەپاچەیی ئەو ئیدارەیە. گرنگە ئەو سەرکردەیە خۆ دووربگرێ لەوەی کە هەر لە ئێستاشەوە وەك بڵێی خوی ئامادە بکات بۆ حاڵەتێك کە تیایدا کورد هەموو شکستەکانی بە فاکتەری ئەمریکیەوە هەڵبواسێ. بە باوەڕی خۆم لایەنی کوردی دەرفەتی هەیە، یا هەر نەبێ چارەی تری نیە ئەوە نەبێ، کە نیگەرانیەکانی ئێستای روو بە کشانەوە و ئەگەری کەمبوونەوەی گرنگیدانی ئەمریکا بە کورد بکاتە وزە و ئەو پەڕی سوود لەو کات و دەرفەتە وەرگرێ کە بە دەستەوەیە. لەوەدەچێ رۆژ دوای رۆژ بەیەکەوەگرێدانی کێشەی کورد لە تورکیا لە لایەك وە پەیوەندیەکانی تورکیا بە حکومەتی باشووری کوردستانەوە توندتر و چڕتر دەبێتەوە، هەڵبەتە بە جیاوازیەکی زۆرەوە: لە رابردەدا بە شێوەیەکی نێگەتیڤانە ئەو گرێدانە کراوە، بەڵام ئەورۆ بە شێوەیەکی پۆزەتیڤانە ئەوە دەکرێ؛ بگرە دەکرێ، سبەینێ زۆر پۆسەتیڤتر تەواو ببێ، بە ئەگەری زۆریش هەر وادەبێ. بە پێچەوانەشەوە خۆدزینەوەی دەسەڵاتی

باشووری کوردستان وە هێزە خاوەنکاریگەریەکانی باکووری کوردستان لەو بەیەکەوەگرێدانە ئورگانیکیە بە ئەگەری زۆر زیان و پاشەکشەی جددی بۆ لایەنی کوردی (بە باکوور و باشوورەوە) لێبکەوێتەوە.

لە لایەکی ترەوە لە ماوەی داییدا هەندێ سەرچاوە ئاماژەیان بەوە کردوە کە گوایە ئەمریکا بەرپرسی "پاراستنی" باشووری کوردستانی داوەتە (یا دەداتە) تورکیا لە حاڵەتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا. پشتڕاستکردنەوەی ئەم هەواڵە یا رەدکردنەوەی هەروا ئاسان نیە: لە کاتێکدا لەوەدەچێت کە ئەمریکا بخوازێ رۆڵی تورکیا لەمەڕ باشووری کوردستان کاراتر و توندوتۆڵتر بێت بەڵام بەخشینی رۆڵی پاراستنی باشووری کوردستان بەتەواوەتی بەو وڵاتە بەبێ گوێدانە کاردانەوەی عیراق و سوریا و ئێران و بگرە وڵاتانی عەرەبیش هەروا کارێکی ئاسان نیە.

لە لایەکی ترەوە دەبێ لە هەنگاوێکی ئەوهادا کاردانەوە و هەڵوێستەی لایەنی کوردیش لەبەرچاو بگیرێ. بە مانایەکی تر ناکرێ هەروا بە ئاسانی هێزەکانی ئەمریکا بە هێزی تورکی بگۆڕدرێنەوە و بەو مانایەش بەرپرسی ئەمریکا بە داگیرکاری تورکیا بگۆڕدرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەواڵێکی ئەوها دەتوانێ هەرنەبێ راستیەك پشتڕاستبکاتەوە کە ئەویش زێدەبوونی رۆڵی تورکیایە، جا دەمێنێتەوە ئەمریکا لە کوێی ئەم پێشوەچوونە دەوەستێ و لایەنی کوردیش چۆن کاری لەگەڵدا دەکات.

لە بۆچوونێکی کوردستانیەوە وا باشترە لایەنی کوردی بەو ئاقارە بجوڵێتەوە وەك ئەوەی ئیتر پرس دەربارەی زێدەبوون یا کەمبوونی رۆڵی تورکیا نیە بەڵکو پرس دەربارەی چۆنیەتی و ئاکامەکانی زێدەبوونی ئەو رۆڵە و چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردنی کوردە لەگەڵ پێشوەچوونێکی ئەوهادا.